# هەڵبژاردنەکەی عێراق ناشەرعییەو دەنگی کەمینەشی خەڵکی بەدەست هێناوە .

**جبار محسن**

Jabar_muhsin@yahoo.no

04-02-2005

ئاسانترین شت لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، ببورن لە مەهزەلەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ڕەقەم لێدان بوو . هەر کەس‌و لایەنێك بەکیفی خۆی ڕەقەمێکی لێ ئەدا بۆ نیشاندانی نیسبەتی بەشداری خەڵك لە هەڵبژادنەکاندا. هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە ترسی زۆر لە ئارادا بوو کە بەشی ئەوەی هەراوزەنای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پێ بنێنەوە خەڵك نەیەتە دەرەوە بۆ هەڵبژاردن بۆ خۆڵ کردنە چاوی بەشەکەی تری کەوا خەڵکی عێراق بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە . هەدەف هیچ شتێك نەبوو تەنها ئەوە نەبێ پەیامی سەرکەوتن لێ بدەن . هەربۆیە کەمترین بەشداری بۆ ئەوان کافی بوو ئەم پەیامەی خۆیانی پێ ڕابگەیەنن‌و ئەمەش وەك هەدیەیەك پێشکەشی باوە گەورەیان کە ئەمریکایە بیکەن و هەتا لەم موسابەقە بێ ماناو ناشەریفانەیاندا دەستکەوتێکییان دەست بکەوێت، ئەگەر نا هەر کەس بە ئینسافەوە بڕوانێ درکی بەوە کردووە کە ساحەی شۆرجە گەلێك لە بنکەکانی دەنگدان قەرەباڵغ تر بوو . ئەڵبەتە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد چ بە زۆرکردن بێت لە خەڵك یان بە چەواشەکردنی خەڵك بێت ژمارەیەکی زیاتریان لە دەوری سندوقەکانی دەنگدان کۆکردەوە . بەهەرحاڵ لەم گەمەیەدا لەسەر یەك ژمارە بڕاونەتەوە، ژمارەیەك کە ئەمریکاش ڕەسمیەتی پێداوە ،ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن بەڕێژەی لەسەدا 60 خەڵك دەنگیان داوەو کۆی گشتی دەنگ دەران 8 ملیۆن کەس بوون . ئەگەرسەرەڕای هەر چەواشەکاری و تەزویراتێك وای دابنێین کە ئەم ژمارەیە ڕاستە ، ئەمە هیچی تر ناگەیەنێت لە غەیری ئەوەی کە کەمترین نیسبەتی خەڵکی عێراق بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە . چونکە بەپێی تەسریحی یاوەر عەجیلیش بێت نەسەمەی عێراق بە 27 ملیۆن خەڵك مەزەندە ئەکرێت‌و هەندێ سەرچاوەش دەڵێن نەسەمەی عێراق لە نێوان25 تا 27 ملیۆندایە. لەم ژمارەیەش بەشێکی منالاًن‌و بەشەکەی تریان حەقی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردن هەیە . بەم جۆرە ئاشکرا دەبێت کە کەمینەی خەڵکی عێراق دەنگیان داوە، ئەو لەسەدا شەستەش نیسبەتی ئەو کەسانەن کە خۆیان تەسجیل کردووە بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا نەك نیسبەتی خەڵکی عێراق ئەگەرنا ژمارەی گشتی دەنگدەران دەبووایە زۆر زیاتر بوونایە لە 8 ملیۆن کەس. ئامارێکیش کە ڕیکخراوی IOM دای بەدەستەوە سەبارەت بە عێراقیەکانی دەرەوەی وولآت ئاشکرای کرد کە لە سەدا 23ی خەڵك دەنگیان داوە ، بەڵام دواتر بۆ چەواشەکردنی خەڵك نیسبەتێکیان لەوانەی خۆیان تەسجیل کردبوو بۆ دەنگدان دا بەدەستەوە ، ئەمەش یانی کەمتر لە سەدا 23ی خەڵك دەنگیان داوە . ئەوەش لەولاوە بووەستێ کە دەنگی ئەم نیسبەتە کەمەی خەڵکیش بەهەند وەرناگیرێت‌و ئەکرێتە قوربانی بەندوبەست‌و موفاوەزاتی ئەحزابە قەومی‌و ئیسلامیەکان‌و بەئارەزووی ئەمریکا چێشتێکی مجێور لەم عالی جەنابانە ئەکەنە حکومەتی ئایندەی عێراق . فەزای نائازادو نائارمی دەگدانەکەش هەر لە باسکردن نایەت .بۆیە ئەم هەڵبژاردنەی عێراق بەهەموو ماناکان هەڵبژاردنێکی ناشەرعییەو نەیتوانیوە نوێنەرایەتی کەمینەی عێراقیش بەشێوەیەکی شەرعیانە بەدەست بهێنێت . لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە یەك حەقیقەت دەردەخات کە وەك زەنگ لە دەرگاکانمان ئەداو خەتەرێکی گەوەرەیە بۆ بەرێوەبەرانی ئەم سیناریۆ مەهزەلە ئامێزە ، ئەویش ئەوەیە کە بە پێچەوانەی قەولی تالەبانی‌و بارزانی‌و حەکیم‌و یاوەرەکانەوە خەڵکی عێراق خەڵکێکی مەزهەبی و عەشاریەری‌و..... نییە بەڵکو خەڵکانێکی تووڕەن لەم سیناریۆچیانە ، لەم قەومپەرست‌و شۆفینستە کوردی‌و عەرەبیانە، لەم نۆکەرانەی ئیمپریالیزمی خوێن ڕێژی ئەمریکا . خەڵکی عێراق خەڵکێکی مەدەنی‌و ئازادی خوازو تووڕەن لەقەومیەتگەرای‌و مەزهەب . ئەم جەماوەرە بەرینە ماتریاڵی عەزیمی هێزی ئاڵوگۆر بەخشی کۆمەڵگەن . ئالآی گۆڕان‌و دنیایەکی باشتریش بەدەست حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوەیە . ئەم حیزبە حیزبی گێڕانەوەی ئومێدو ئیرادەیە بۆ ئینسانەکان‌و ئیرادەش تاکە پێویستی ئەو جەماوەرەیە بۆ هاتنەمیدان‌و ڕامالینی هێزەکانی سیناریۆی ڕەش لە عێراقدا . خەڵکی عیراق پێویستیان بەزانینی‌وناسینی ئەم ڕاستیانەو ئەم وەسیلەی ڕێکخراو بوونە هەیە .